به درێژایی مێژووی ئەم هەردە، یەکەم ئاسەواری عورفانی کە لە مرۆڤمدا بینراوە لە سەردەمی مهارکردنی ئاگرەوە بووە. ئاگر هەمیشە بۆ مرۆڤ شتێکی سەرسووڕهێنەر بووە. تەنانەت ئاگر بۆ مرۆڤی هۆمۆساپیێنسی ئەمڕۆییش گوماناوی و نهێنی ئامێزە. ئاگر گیراییەکی هەیە کە مرۆڤ بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ، ئازایی بە مرۆڤ دەدا، چاونەترسی و ئوقرە براوی و پەشۆکاوی مرۆڤ کۆتایی پێ دێنێ. شتی نهێنی و شاراوە هەمیشە بوونەتە هۆی ئەوی مرۆڤ بە هێزێکی جیا لە مرۆڤی بلکێنێ، چونکە بەهۆی نەزانی و نەبوونی زانیاری نەیتوانیوە لەگەڵ ژیانی ڕۆژانەیدا گریان بدا. ئاگر بۆ زۆربەی مرۆڤ پیرۆز بووە. هۆزی تایبەت گڕی ئاگریان بەردەوام ڕۆشن ڕاگرتووە و وەك ئەرکێکی پیرۆز هیچکات و لە هیچ وەرزێکدا نەیانهێشتووە بکووژێتەوە. کاتێ رۆژ کۆتایی پێ هاتووە و هەوا تاریك بووە، ئاگر بۆتە هۆی کۆبوونەوی مرۆڤ لەدەوری یەکتر و هاندانیان بۆ پەیوەندی لەگەڵ یەکتر و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆژانەیان. بەهۆی هەوڵی ئاخەفتن لەگەڵ یەکتر، ووشەی نوێ خوڵقێندراون و زمان پەرەی گرتووە. ئەوکاتەی مرۆڤ تا ڕادەیەك بەهۆی زمانی پەرەسێندراو توانیویە لەگەڵ یەك ئاخەفتن بکا، خوراڤات و داب و نەریتیش لە دایك بووە و وەك گرنگترین هاوڕێی ژیانی، ڕێگای بۆ دیاری کردووە.

ئەو نهێنیانەی، ترس و ڕاچڵەکاندنیان لە مرۆڤدا پیکدێنا، نهێنی نارێکوپێك واتە ئەو نهێنیانە بوون کە دووپات نەدەبوونەوە. ڕووداوی ڕێك و پێك و دووپاتکراو، ببونە کارێکی ئاسایی و مرۆڤ وەك ڕووداوی سروشتی سەیر دەکردن. بۆ وێنە هەڵاتنی رۆژ و ئاوا بوونی، باران، بەفر، هەورەتریشقە و ... کارێکی ئاسایی ڕۆژانە بوون. دیارە مرۆڤ تامەزرۆیی بۆ چلۆنایەتی کارکردنی ئەو فێنۆمێنە سرووشتیانە لەخۆی نیشان دەدا و هەوڵی دەدا بزانێ چلۆن عەمەل دەکەن. بە پێی کات پەردەی لەسەر زۆربەی ئەو پەرجۆیانە لادا. بەڵام لەو سەردەمەدا

سەرنجی بۆ ڕووداوەی ناڕێك و پێك ڕاكێشرابوو، وەك دێوەزمە لێی قوت ببۆوە و بەو هۆیەی نەیدەتوانی وەڵامی بۆ بدۆزێتەوە، لە قووڵایی دڵیەوە ترس و وەحشەتی تێدا پێكهاتبوو. بۆ وێنە گرتنی مانگ، ڕۆژ و... . ئەمڕۆ ئێمە دەزانین كە پەرجۆی ئەو سەدەمە هیچ شتێك نەبووە جیا لە ڕووداوە سروشتیەكان كە بە هۆی خولانەوەی پلانێتەكان لە ئونیوێرسامدا پێك دەهاتن.

وەرزەكانی ساڵ دووپات دەبوونەوە، دەهاتن و دەڕۆیشتن و وەك كارێكی ئاساییان لێ هاتبوو. ئەو هاتوچۆیانەیان بۆ مرۆڤ وەك شتێكی سرووشتی لێ هاتبوو. بەڵام ساڵی وابوو قاتی و ویشكساڵی دەهات، ساڵی واش بوو سێڵاو و كاولكاری. تاقەم زستانێك هەوا خۆش بوو و زستانی واش بوو هەوا زۆر سارد و ماڵ وێرانكەر. ئەو جیاوازییانە سەرنجی مرۆڤیان ڕاكێشا بۆ دۆزینەوەی وەڵام. بەداخەوە بەوهۆیەی وەڵامی زانستیان بۆی نەبوو، خۆیان زیاتر بە خوڕافات و سیحر و جادووەوە هەڵدەواسی. ساكارترین ڕوونكردنەوە ئەوە بوو كە ئەو ڕووداوە ناڕێك و پێكانە بەتایبەت ئەو كاتەی كارەساتیان پێک دێنا، بۆ ڕوونكردنەوەیان بە هێزی سەیروسەمەڕی سروشتیەوە بلەكێنن. بەو شێوەیە یەكەم خوداكان و خوڵقێنەران پێكهاتن. بە پێی كات دروستكردن و خوڵقاندنی هەموو جیهانیان بەوانەوە هەڵواسی و هەروەها بەرپرسایاەتی هەموو ڕووداوە چاك و خراپەكانیشان خستە سەر شانیان. ژیان و مردنی مرۆڤ و هەموو بوونەوەرانیتریان بەوانەوە بەستەوە. خوداكان لە ڕوانگەی كاتییەوە بە هەمیشەیی و ئەبەدی دانران. ئایینی جیاواز پێكهاتن و هەركام لەو ئایینانە بەهۆی عالمان و مرۆڤی زانای ئایینی ڕێگا و شوێن و یاسای خۆیان دۆزیەوە.

درێژەی هەیە ...